# لۆز و شتی تریش



ئازاد جندیانی

بێگومان قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی زمانەوانی پسپۆری ئەوێ ، بۆیە بە تەمانیم خۆم لە قەرەی مەسەلەیەکی زمانەوانی ئەوتۆ بدەم کە تیایدا دووچاری هەڵە ببم، بەڵام لەم وتارەمدا ئەمەوێ سەرنجی خوێنەران بۆ مەسەلەیەك ڕابکێشم کە پەیوەندی بە هەبوونی هەندێ وشەی ناوچەیی هەیە کە ڕەنگە بۆشاییێك لە زمانی نووسینی کوردیدا پڕبکەنەوە، بە تایبەت لە هەلومەرجێکدا کە هەم شێوەزمانێکی ستاندارد لە سەرتاسەری کوردستاندا پەسند نەکراوە و هەم زۆرجاریش نووسەران بۆ هەندێ وشە دائەمێنن، لەو کاتانەدا هەوڵدان بۆ پەنابردنە بەر دۆزینەوەی هەندێ وشە لەناو شێوەزارە کوردییەکان کارێکی بەجێیەو وا ئەکا کە ئەو بۆشاییە پڕببێتەوە.

ناوچەی رواندز کە لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی زمانەوانیەوە شوێنێکە کە گەنجینەیەکە بۆخۆی بە تایبەت لەو ڕووەوە کە کاریگەری شێوەزاری بادینیشی لەسەرەو وەك پردێك وایە لە نێوان شێوەی زاری سلێمانی کە ئێستا بۆتە بناغەی زمانی ستاندارد و شێوەزاری بادینی و موکریانیش.

ئەو وشەیەی کە کردوومەتە ناونیشانی وتارەکەم کە ڕەنگە سەرنج ڕاکێش بێت یەکێکە لەو وشانەی کە لە رواندز بەکار ئەهێنرێ ، ڕەنگە ناڕاست نەبێ گەر بڵێم ئەمە وشەیەکی کۆنی رواندزە و لە یەك کاتدا ناوەو بناغەشە بۆ سیفەتی ئەو کەسانەی کە دەست بەزەڕن و زۆر هاوسەنگ نین لە کاتی کارکردنداو هەمیشە دەستیان یان قاچیان بەر شتێك ئەکەوێ و ئەیشکێنن یان ئەیرێژن یان وەری ئەگێڕن کە بەو کەسانە ئەوترێ لۆز و بە زیادکردنی بزوێنێکیش ئەبێتە ڕستەیەکی تەواو.

مەبەستم نیە ئەو وشەیە بکەمە جێ باسێکی زمانەوانی بەقەدەر ئەوەی مەبەستمە کە لەڕێی ئەو وشەیەوە پێشنیاری ئەوە بکەم کە نووسەرانی ئەو ناوچەیەو بە تایبەت گەنجەکانی هان بدەم کە پێش ئەوەی ئەو وشانە بمرن و بپوکێنەوە لە ڕێی بەکارهێنانیاندا جارێکی دیکە زیندوو ببنەوەو بگەڕێنەوە ناو زمانی نووسین و ئاخاوتنیش. هەروا ئەکرێ کەڵکێکی زۆر لەو کەسانە وەربگیرێ کە هێشتا لە بیرەوەریاندا ئەو وشانە ماون و نەمردوون بدۆزرێنەوەو کۆبکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە گۆڤارو ڕۆژنامە ناوچەییەکان و هەروا مامۆستایانی زمانی کوردیش ئەتوانن هەر یەکە بەو جۆرەی بە باشی ئەزانێ هەوڵی کۆکردنەوەی بدا، بۆ نموونە گۆڤارەکان ئەتوانن لەهەر ژمارەیەکدا چەند وشەیەك بنووسێ و عەرەبیەکەشی بنووسێ و داوا لە خوێنەرانی بکا کە هاوشێوەکانی لە شێوەزاری رواندزو ناوچەکانی تریشی بۆ بنێرن، وەك چۆن مامۆستایانی زمانی کوردیش ئەتوانن وەك بەشێك لە ئەرکی خوێندکاران بە هەمان شێوەی گۆڤارەکان میکانزمێك بۆ هەمان مەبەست دابنێن. دڵنیام کە رواندزو سۆران بە تایبەتی کە ئێستا پێکهاتەیەکی جۆراوجۆری شێوەزاری هەیە ئەتوانن ببنە ناوەندێکی زۆر باش بۆ دۆزینەوەی ئەو وشانە و ڕەنگە ئەو زمانە ستانداردەی کە ئێستا لە هەردوو دیوی عیراق و ئێراندا هەیە پەسندکراوتر بکا، بەڵام پێم خۆشە ئەوەش بڵێم ئەو بانگەشەیەم بۆ ئەوە نیە کە زمانی ستانداردی ئێستا ببەمەوە ژێر پرسیار و ئەلتەرناتیڤێك پێشنیار بکەم ، هەرچەندە ئێستا گفتوگۆیەکی کز و سنووردار لەوبارەوە هەیە، بەڵام پێم وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا ناوەندە ڕەسمیەکانیش ناچار ئەبن بێنە ناو گفتوگۆکە کە ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەو گفتوگۆیە لەو وەختیدا بێ، مەترسی نابێ. باش وایە ئەو کەسانەی ئێستا و لە ئایندەشدا دێنە ناو ئەو گفتوگۆیە زۆر ئاگادار بن و ئەوی تا ئێستا لەبارەی زمانی ستانداردەوە کراوەو دەست کەوتووە نەڕووشێنن و بە کوردییە رواندزییەکەی لۆز نەبن.